# تارا دێته ماڵەکەم

عەلی نارێنی



پێ ئەچێ وابێ
بەیانییەکی بەهارە
دونیا هێشتان شەلاڵی سرووەیە
کە هێشتا زەمین بە دەم خەیاڵی شەووەوە مەستەو
کە هێشتا ئاسمان بە دەم دیقەتێکی وردەوە
تریفەی دێ

ئەو دەمەی کە خۆر پرچی خۆی پەخشان ئەکاو..
بوون پڕ ئەکا لە رووناکی
لە گەل تیشکێکدا،
لە گەل سرووەیەکدا،
یاخود رەنگە دوای پەپولەی بەر پەنجەرەکەم بکەوێ
تارا دێتە ماڵەکەم
دێت ودەبێتە یەکێك
لە بەهارە گوڵەکانی باخچەی حەوشەکەم
دێت ووەکو چۆلەکەیەکی لاسار
دەچێتە سەر لقی ئومێدو پێم دەڵێ
ئیتر سپێدان من لە خەو هەڵتدەسێنم

ئیتر من مژدەی رۆژە نوێکانت ئەدەمێ و
هەر منیش ئاوازی عیشقت بە گوێدا ئەچرپێنم

یان رەنگە بێت وببێتە ئاوازێکی نوێ و...
کە میلی رادیۆکەم بادا
لە دەنگی فەیروزەوە بباریتە رۆحمەوە

**یاخود ڕەنگە بێت وئیتر**

**پەنجەرەیەکی تر والآ بکات**

**بە ڕووی خەیاڵ وشیعرمدا**

**کە گەیشتیش پێی ئەڵێم ئەزیزی من**

**چۆن باوەڕ بە بیناییم و...**

**چۆن باوەڕ بە بیستنم بکەم،**

**ئاخر پەرژینی گومانم بڕەحمە**

**ئەویش ئەڵێ من هاتووم و**

**نەمامی یەقینت بۆ ئەنێژم**

**من ئەڵێم تارای ترسم تاریکە ،**

**ئەو ئەڵێ من بەکۆشی تارای دڵنیاییت**

**ئەسپێرم**

**★**

**پێ ئەچێ وابێ**

**بەیانییەکی پاییزە**

**خەیاڵ هێشتان شاباڵی شەکەتەو..**

**کە هێشتا شەو تازە دەستی لە یەك دەنێ و..**

**کە هێشتا ڕۆژ نەبۆتە چراخانی کوچەو کۆڵانی شارەکەم**

**ئەو دەمەی کە یەکەم شنەی دەماودەم هەڵدەکات و..**

**خۆی ئەداتە قەدو باڵای**

**یەکە یەکە دارەکانی باخچە بە باخچەی شارەکەمدا**

**لە گەل شنەیەکدا،**

**لە گەل تەوژمی ئاوازێکدا**

**یاخود ڕەنگە دوای گەڵایەکی داری بەر پەنجەرەکەم بکەوێ**

**ئەو کاتەی کە خۆی ئەکاتە ژوورەکەمدا**

**تارا دێتە ماڵەکەم**

**دێت ودەچێتە سەر سنگی دەفتەرەکەم و..**

**ئەبێتە شیعرێکی نوێ**

دێت وئەچێتە کتێبخانەکەمەوە و....

ئەبێتە گەورەترین کتێبی خۆشەویستی

دێت وژیرم ئەکاتەوە لە تەنیایی

یان ڕەنگە بێت وئەویش بەو پاییزە وەختە

گەڵاکانی باخچەی خەمم هەڵوەرێنێ

کە گەیشتیش پێی ئەڵێم ئەزیزی من

چۆن بەرداری خەمم ببم و..

چۆن لە تەنیایی بمەوە؟

ئاخر من ماڵەکەم پڕە لە بۆنی تەنیایی

ئەو ئەڵێ من خۆشترین نەغمەی ئاوەدانیم پێیە

من ئەڵێم دڵم ئولفەتی بەم خەمەوە گرتووە

ئەو ئەڵێ من بە پێکی شیرینی عیشق

ئاشنات ئەکەم